## موقبیل هونەرپەژوو

نووسینی مووسینی مێژووی بۆکان ناتەواو دەبێت ئەگەر روانینێکی هەمەلایەنیمان بەسەر هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا نەبێت. مێژوویەکی ئەوتۆ نابێ بە شیعر و هونەر و سیاسەت دەست پێ بکات و هەر بەوانیش کۆتایی بێت. گەلێک بواری ئابووری، پیشەسازی، تەکنیکی، وەرزشی و زانستی هەن کە خەڵکی ناوچەکە سەرکەوتنیان تێدا وەدەست هێناوە و دەبێ مێژووشیان بنووسرێتەوە.

وەرزش یەک لەو بوارانەیە و پێویستە سەرنجی تایبەتی پێ بدرێت. سەرکەوتوویی لاوی نەمر – موقبیل هونەر پەژوو، لە کاری کەژەوانی و ناودەرکردنی لە کوردستان و ئێران نموونەیەکی باسی ئەو پێداویستیەیە. ئەوە ش ژیاننامە یە کی کورتی ئەو کەژەوانە نەمرە، کە لە ماڵپەڕی رۆژهەڵات – بۆکان دا بڵاوبۆتە وە:

کەژەوانی کورد  لە نێوان ناڵەشکێنە و بەردەزەرددا

موقبل هونەرپەژوو یەکێک لە ناودارترین وەرزشکارانی کورد بەرەبەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە ٢٠٠٧/١١/١٥ گیانی بە شاخەکانی کوردستان سپارد.  موقبل  ٢٤ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی لە دایک بوو. زۆر زوو تێکەڵاو هونەر و وەرزشی کەژەوانی بوو و ئەو یەکێک لە ئەندامانی تیمی کەژەوانی ئێران بوو.

هەر چەند ئەو لە گەڵ هاوڕێکانی گەیشتبووە  لوتکەی کۆمەڵە شاخەکانی کوردستان و ئێران و جیهان، بەڵام تەمەنی کورتی لە شاخە  پیرەکەی بەردەزەردی  بۆکان کۆتایی پێهات.  موقبل ٩ رۆژ بەر لە ئێستا لە شاخی بەردەزەرد هەڵدەدێردرێ و بە پەلە دەگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی "عارفیان"ی ورمێ، بەڵام زانستی پزیشکی ئەو شارە فریای ناکەوێ و تەرمی سووری دەگوێزرێتەوە بۆ شاری بۆکان.

رۆژی هەینی  ١٦ ی نوامبر  پەیکەری موقبل لە شاخی بەردەزەرد بە خاک دەسپێردرێ، بەم چەشنە موقبل و حەسەن زیرەک لە سەر دوو چیای دەوری شارەکە ماڵیان بەرانبەر بە یەک دەبێ. یادی موقبلی ئازیز زیندوو بێ!

ماڵپەڕی رۆژهەڵات – بۆکان

